


# دەنگی مەخموور


خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەممەد
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

ژمارە (١٠) ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/١٥ ٢٤ی پوشپەڕی ٢٧٠٩


## غەفوور مەخمووری سەرۆکی لیستی ٥١:

# کار دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتییانی کوردستان



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

غەفوور مەخمووری سەرۆکی لیستی ٥١ بە (دەنگی مەخمووری)ی ڕاگەیاند کە لەبەرنامەی لیستەکەیاندایە کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەگانی کوردستانو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتییانی کوردستان بکەن.

غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDKو سەرۆکی لیستی ٥١ لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە لێدوانێکدا بۆ (دەنگی مەخموور) باسی لەبەرنامەی لیستەکەیان کردو گوتی: "خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی لیستی ٥١ بریتییە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لەدەسەڵاتی حکومەتو دژایەتیو نەهێشتنی گەندەڵیو ڕەخساندنی هەلی کار کردنو دامەزراندن بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هاوڵاتییانی کوردستانو نەهێشتنی قۆرخکردنی بازاڕو کەمکردنەوەی کرێی خانووبەرەو شوێنی نیشتەجێبوونو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی فەرمانبەرانو خانەنشینانو، هەروەها لەبەرنامەی لیستەکەماندایەو کار دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستانو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتییانی کوردستان بەسوود وەرگرتن لەداهاتی کوردستانو ئەمانەو چەندین خاڵی تری گرنگ لەبەرنامەی کارماندایە کە لەبەرژەوەندی هاوڵاتییانی کوردستاندایە"، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا مەخمووری ئەوەشی گوت: "لیستی ٥١ لیستی خەڵکی کوردستانەو پاڵێوراوەکانیش کەسانی بەتوانانو دەتوانن خزمەتی هاوڵاتیانیان بکەن".

لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا حکومەتی کوردستان هاوکاری کردوون بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن مەخمووری گوتی: "نەخێر هیچ هاوکارییەك نەکراوین لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنو فلسێکیشمان لەکەس وەرنەگرتووەو بەتواناو ئارەقی نێوچەوانی خۆمان کاری خۆمان بەڕێوە دەبەین"، سەبارەت بەکاری داهاتوویان بۆ دەڤەری مەخموور غەفوور مەخمووری گوتی: "ئێمە کار بۆ هەموو کوردستان دەکەین مەخمووریش بەشێکە لەکوردستانو بەرەو وێرانی دەچێت، بۆیە لەداهاتووی نزیکدا هەوڵدەدەین خزمەتی زۆری دەڤەری مەخموورو گوێرو قەراجو کەندیناوەو شوێنە بێ خزمەتگوزارییەکانی تر بکەینو بەدڵنیاییەوە وەك هەمیشەو بگرە زیاتریش داکۆکی لەو دەڤەرانە دەکەینو خزمەتیان دەکەین".

## دوای ١٨ ساڵ لەداخرانی، کتێبخانەی مەخموور دەکرێتەوە

ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٧ لە ڕێورەسمێك کە فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستانو قایمقامی قەزای مەخموورو بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکانو ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی هەولێرو مەخموور ئامادەبوون، کتێبخانەی گشتی مەخموور دوای ١٨ ساڵ لەداخستنی کرایەوە لەو ڕێورەسمەدا وەزیری ڕۆشنبیری لەوتەیەکدا گوتی" مەخموور مەڵبەندی سەدان ڕۆشنبیری کوردە، خەڵکی مەخموور چ وەك ڕۆشنبیر چ وەك سیاسەتمەدار لە تێکۆشانی سیاسیدا ڕۆلیان هەبووە لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد کە دەیان کادیری باشیان تێدا هەڵکەوتوە، بەڵام ئەم شارە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس کەوتبووە ژێر باری تەعریبو جینۆسایدو بەعەرەبکردن، لە٢٠٠٣ بەدواوە بوار نەرەخساوە وەك پێویست بایەخی پێبدرێ لەبەر ئەوە ماوەتەوە بەبێ کتێبخانە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەوڵماندا بەر لە دووساڵ ئەم کتێبخانەیە بکەینەوە، بەڵام جێگا نەبوو ئێستا بە ڕێز قایمقامی مەخموور توانیویەتی



ئەم کتێبخانەیە بکاتەوە ئەوەش خزمەتێکی زۆر گەورەیە چونکە کتێبخانە ئەساسی گرنگی کۆمەلایەتیو بلاوکردنەوەی زانیاریو مەعریفەتو هونەرە". کاکەیی هیوای ئەوەی خواست ئەم کتێبخانەیە ببێتە بناغەیەك بۆ ئەنجامدانی چەندین چالاکی تر وەك چالاکی سینەماییو شانۆییو شێوەکاریو ڕۆشنبیری منالان. گوتیشی "هیوادارم ئەو کتێبخانەیە وەك مەشخەلێك بێت لەو دەشتە فەرامۆشکراوە کەوا نەیانهێشتوە پێشبکەوێ ببێتە هۆی ئەوەی خەڵك پێی پەروەردەبێو پیرۆزبایی لەخەڵکی مەخموور دەکەم. هەوڵیش دەدەین بەم زوانە فیستڤاڵێکی سینەمایی بکەینەوەو چەند فیلمێك دەربهێندرێت لێرەو نمایش بکرێت بۆ ئەوەی چالاکی ڕۆشنبیری بەرەو پێش بچێ.

## جەمیل سنجاوی کاندیدی لیستی (٥١):

# لیستی (٥١) خەمخۆرترین لیستە بۆ دەڤەری مەخموورو دەوروبەری



جەمیل سنجاوی کاندیدی لیستی ٥١ لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بە(دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند کە لیستەکەیان بایەخی تەواو بەئاوەدانکردنەوەی دەڤەری مەخموورو ناوچە کێشە لەسەرەکان دەدات، هەروەها گوتی لیستی ٥١ خەمخۆرترین لیستە بۆ مەخموورو ناوچە بێ خزمەتگوزارییەکانی تر.

(جەمیل محەممەد قادر سنجاوی) لەدایکبووی مەخموورەو کاندیدێکی لیستی (٥١)ە، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور) سەبارەت بە بەرنامەی لیستەکە وتی "YNDK لە ڕابردوودا خاوەن هەڵویستی بوێری سیاسی و نەتەوەیی خۆی بووە ،لە سەر هەموو ئاستەکاندا بۆتە لایەنێکی حیساب بۆکراو و ئێستاش لەم هەڵبژاردنەدا بەبەرنامەیەکی چڕوپڕ و هەمەلایەنە خۆی ئامادەکردووە بۆئەوەی زۆرترین ڕێژەی متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنێت و لەپەرلەمانی داهاتوودا باشترین خزمەت پێشکەش بەخەڵکی کوردستان بکات"، هەروەها سنجاوی دەربارەی بەرنامەی لیستی (٥١) بۆ خزمەتکردنی دەڤەری مەخموورو دەوروبەری وتی"قەزای مەخموورو دەوروبەری دەڤەرێکی فەرامۆشکراوەو بێبەشە لە سادەترین پڕۆژەی خزمەتگوزاریی، سەرەڕای ئەمەش ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە لە نێوان دوو ئیدارەیی بێ خزمەت ماوەتەوە"، هەروەها وتی "لیستی (٥١) خەمخۆرترین لیستە بۆ دەڤەری مەخموورو دەوروبەری، لەبەرئەوەی تەنها ئێمە لە ئێش و ئازارو گرفتەکانی هاوڵاتیانی ئەم دەڤەرە دەگەین، قەزای مەخموور لە هەموو ڕوویێکەوە کێشەو گرفتی زۆری هەیە، پێویستی بە کەسانێکی دڵسۆزو خەمخۆر هەیە کە بە هانایانەوە بێت و داخوازییەکانیان جێبەجێ بکات و کێشەو گرفتەکانیان چارەسەر بکات"، ئەمەو لە هەڤپەیڤینەکەدا تیشك خراوەتە سەر چەندین پرسی تری چارەنووساز، لەلاپەرە (٣)دا خراوتەڕوو.


فەخریە سابیر بایز بلباس
کاندیدی لیستی (٥١):
باوەڕمان بەتوانای ئافرەت هەیە کەوا دەتوانێت کاروباری دەوڵەت بەڕێوەببات.. ل٤



عەبدولرەحمان بێلاف:
لە ژیانمدا پارەم لە هونەرمەندان بەرانبەر بە پێدانی شیعر وەرنەگرتوە...ل٦



یەکەم چاوپێکەوتنی کریستیانۆ ڕۆنالدۆی پورتوگالی..... ل٧




### پشتگیریو هاوکاری تەواوی خۆیو حکومەتەکەی بۆ لیستی حەدبا دووپات کردەوە

# نوری مالیکی : لیستی حەدبا هەموو دەسەلاتێکیان هەیەو دەبێت ئەو دەسەلاتەیان لەسەر هەموو بستێکی خاکی پارێزگای موسڵ بچەسپێت

**خەلیل پالانی - مەخموور**

ئەگەرچی لە بەڕێوەبردنی کەرکووك لایەنە عەرەبییەکانو کابینەی مالیکی داوای جێبەجێکردنی بنەمای ڕێککەوتن (تەوافوق) دەکەن، کەچی لەموسڵ پشتگیری حوکمی تاکڕەوی لەبەڕێوەبردنی ئیدارەکەو لیستی عەرەبی توندڕەو دەکەن بە تەنیا.

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند "ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ کە لەلایەن لیستی (حەدبا)وە بەڕێوە دەبرێت، هەموو دەسەلاتێکیان هەیەو دەبێت ئەو دەسەلاتەیان لەسەر هەموو بستێکی خاکی پارێزگاکە بچەسپێت"، مالیکی ئەوەشی گوت "ڕەوشی موسڵ زۆر مەترسیدارەو نارازیبوونی هێزی پێشمەرگە لە هەمبەر حکومەتی ناوخۆیی موسڵ کودەتایەکە لەدژی دەسەلاتداریو هەڵبژاردن"، هەروەها سەرۆك وەزیرانی عێراق پشتگیریو هاوکاری تەواوی خودی خۆیو حکومەتەکەی بۆ حکومەتی ناوخۆیی نەینەوا کە لیستی حەدبا بە تاکڕەوی بەڕێوەی دەبات دووپات کردەوە، لەکاتێکدا تەوافوق بنەمای کاری سیاسی عێراقەو بەرامبەر بە بەڕێوەبردنی ئیدارەی کەرکوك مالیکیو لایەنە عەرەبیەکان داوای بنەمای تەوافوق دەکەن بەپێچەوانەی موسڵ.

دوابەدوای ئەم لێدوانەی مالیکی، (خەسرۆ گۆران) سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند "کێشەی موسڵ تەنیا لەنێوان لیستی برایەتی (نەینەوا)و لیستی (حەدبا)دا نییە، بەڵکو لەوە قوڵترەو کێشەکە لەنێوان هەولێرو بەغدایەو ئێمە بەشێکین لەو کێشانە"، هەروەها وتیشی "ئێمە مەترسیمان هەیە، ڕووداومان بینیوە، بڕوا بەو سەرکردانەی حەدبا ناکەین، چونکە ئەوان هەمان پیاوانی ڕژێمی بەعسن، هەمان هەڵوێستو هەڵسوکەوتیان بەرامبەر خەڵکی ئێمە دەبێت، بۆیە ئێمە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نابین ئەوان بە تاکڕەوی حوکم بکەن، ئەو سەردەمەش بەسەرچوو خەڵکێك حوکممان بکاتو ئێمەش هیچ لایەنێکی هاوکێشەکە نەبین، بەڵکو دەبێت هاوبەشی ڕاستەقینەی دەسەلات بین"، سەبارەت بەلێدوانەکانی مالیکی، سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا وتی



"ئەو جۆرە لێدوانانە لە قازانجی پرۆسەی ئاشتبوونەوەدا نییەو بە لێدوان ئەو کێشانەی لەموسڵو تەنانەت لەعێراقیشدا هەن، چارەسەر ناکرێن".